Sorani

# سیاسەتی
# پارتی چەپ.

PÅ DIN SIDA

ئایا پێتوایە هەموو کەسێک لە سوید دەبێت پارەی خواردن و کرێخانووی هەبێت؟

ئایا پێتوایە گەنجان، گرنگ نییە لە کوێ گەورە بن، دەبێت بتوانن کار بدۆزنەوە و خانوو پەیدا بکەن، بۆ ئەوەی بتوانن ژیانی خۆیان دروست بکەن؟ ئایا پێتوایە دەبێت چاودێری تەندروستی بۆ نەخۆشەکان بێت نەک بۆ قازانجی کۆمپانیاکانی تەندروستی؟

کەواتە تۆ و پارتی چەپ لە یەک لایەنن.

لەولایەنەی دیکە، ئەوانەی ئەمڕۆ حوکمڕانی سوید دەکەن: حکومەتی ڕاستڕەو و دیموکراتەکانی سوید ڕاوەستاون.

ئەوان باجیان بۆ دەوڵەمەندترین خەڵک کەمکردۆتەوە، لە کاتێکدا منداڵانی زیاتر لە هەژاریدا گەورە دەبن. ئەوان وەرگرتنی دەرمانیان گرانتر کردووە و نەخۆشخانە و ناوەندە تەندروستییەکانیان ناچار کردووە کورتی بهێنن. ئەو کەسانە ناچار دەکەن کە دەیانەوێت کار بکەن و بەشداری بکەن و داهاتووی خۆیان لە سوید بنیات بنێن وڵات بەجێبهێڵن.

ئایا تۆش بێزاریت لەو سیاسەتە کە دەوڵەمەندەکان دەوڵەمەندتر دەکات و خەڵکی ئاسایی لە دژی یەکتر هەڵدەگێڕێت؟

ئایا تامەزرووی سیاسەتێکیت بۆ هەموو کەسێک کە هەوڵ دەدات ژیان و گوزەروانی ڕۆژانە پێکەوە ببەستێت؟ هەموو کەسێک کە منداڵ دەبات و دەهێنێتەوە، کار دەکات، خاوێن دەکاتەوە، دەخوێنێت، و چێشت لێدەنێت. بۆ هەموو ئەوانەی ئەم وڵاتە جوانە سەرقاڵ دەکەن. پارتی چەپ ئامادەیە ببێتە بەشێک لە حکومەتێکی نوێ کە بیەوێت کۆمەڵگایەکی سەلامەتتر و دادپەروەرانەتر بۆ هەمووان بنیات بنێت، بێ گوێدانە ئەوەی ئێمە لە کوێوە هاتووین. حکومەتێک دڵنیایی بدات کە خانووبەرە بە کرێی گونجاو، و نرخی هەرزانتر بۆ خۆراک و کارەبا و قوتابخانە و چاودێری تەندروستی باشتر بەدەست بهێنین.

پارتی چەپ. ئێمە لایەنی تۆ دەگرین.